FRONTEX

KURDISH

# مافی تۆ بۆ سکاڵا تۆمارکردن لەسەر FRONTEX



## ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانت

تۆی بەڕێز ئەم مافانەت هەیە: دەبێت ڕێز لە جەستە و دەروونت بگیرێت، بە ڕێزەوە ڕەفتارت بەرامبەر بکرێت، مافی پەنابەریت هەبێت و بەبێ جیاوازی مامەڵەت لە گەڵ بکرێت. ئەمانەش بەشێکن لەو مافە بنەڕەتییانەی کە لە یاسای ئەورووپادا جێگیرکراون.

مافت هەیە سکاڵا تۆماربکەیت ئەگەر پێت وابێت مافە بنەڕەتییەکانت لە چالاکیەکانی دامەزراوەی Frontex-دا پێشێل کراوە. ئەم دامەزراوەیە پاسەوانی سنووری ئەورووپا و کەنارە ئاوییەکانی دەکات.

ئەم دامەزراوەیە یارمەتی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا دەدات لە پاراستنی سنورە دەرەکیەکانی ئەورووپا. زۆر کەس لە چالاکیەکانی ئەم دامەزراوەیەدا بەشدارن: ئەو ئەفسەرانەی ناووت تۆمار دەکەن لە کاتی گەیشتنت بە ئەورووپا، ئەو کارمەندانەی پەنجەمۆرت وەردەگرن، وەرگێڕەکان، ئەو کەسانەی سەگیان پێیە، ئەوانەی هاوکاری کەسانی سنورداشکراو دەکەن بگەڕێنەوە وڵاتانی خۆیان، پزیشک و کەسانی شارەزا لە کەلتورە جیاوازەکان. هەموو ئەم کەسانە دەبێت مافە بنەڕەتییەکانی تۆ بپارێزن. لەکاتی هەبوونی هەر پێشێلکارییەک، دەتوانیت سکاڵا لەسەر دامەزراوەی Frontex تۆمار بکەیت.

## کێ دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات؟

گرنگ نیە تەمەنت چەندە، ئەگەر پێت وایە مافە بنەڕەتییەکانت پێشێلکراوە لە لایەن کەسێکەوە کە کار لەگەڵ دامەزراوەی ناوبراودا دەکات، دەتوانی سکاڵا لەسەری تۆمار بکەیت.

دەكرێت هەر كەسێک نوێنەرایەتیت بكات و لەبری تۆ سكاڵا تۆماربكات، ئەو كەسە دەكرێت پارێزەر یان هەر ڕێكخراوێک بێت.

دەتوانیت سكاڵا تۆماربكەیت بەبێ ڕەچاوكردنی ئەوەی كە ئایا مۆڵەتی مانەوەی یاساییت لە ئەورووپا هەیە یاخود لە قۆناغی پێشكەشكردنی مافی پەنابەریدایت (واتە لە هەردوو بارەكەدا دەتوانی سكاڵا تۆماربكەیت).

ئەگەر چەند كەسێک هەمان مافیان پێشێلكرابوو، دەتوانن پێكەوە یەک سكاڵای هاوبەش تۆمار بكەن.

## چۆن دەتوانیت سكاڵانامە تۆمار بكەیت؟

دەبێت بە شێوازی نووسین سكاڵاكەت تۆماربكەیت و ئاماژە بە ناوی خۆت و ڕێگای پەیوەندیكردن پێتەوە بدەیت. ئەگەر دەتەوێت فۆڕمی سكاڵا بەكاربهێنیت، دەتوانیت لە وێبسایتی دامەزراوەی ناوبراودا فۆڕمەدا دابگریت، كە بە چەند زمانێكی جیاواز بەردەستە. هەروەها، دەتوانیت بە ئیمەیل یان نامە سكاڵاكەت بنێریت.

تكایە ڕوونی بكەرەوە كە چۆن مافەكانت پێشێلكراوە و لە چ شوێنێک ئەم پێشێلكارییە ڕوویداوە. هەركات بتەوێت، دەتوانیت زانیاری زیاتر سەبارەت بە سكاڵاكەت بنێریت. هەروەها بۆی هەیە دامەزراوەی ناوبراو پەیوەندیت پێوە بكات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر.

دەتوانیت بە شێوازی ئۆنلاین، یان بە ئیمەیل یان بە نامە سكاڵا تۆمار بكەیت:

**وێبسایت:**
https://frontex.europa.eu/fundamental-rights/complaints-mechanism/

**ئیمەیل:**
complaints@frontex.europa.eu

**ناوونیشانی پۆستە:**
Frontex - European Border and Coast Guard Agency
Fundamental Rights Officer
Plac Europejski 6
00-844 Warsaw
Poland

## ڕێکارە یاساییەکانی سکاڵا تۆمارکردن چین؟

ئەفسەری تایبەتمەند بە مافە بنەڕەتییەکان سکاڵاکەت دەخوێنێتەوە و بڕیار دەدات کە ئایا دەتوانرێت کار لەسەر سکاڵاکەت بکرێت یان نا. ئەگەر نەتوانرا کاری لەسەر بکرێت، لە گونجاوترین دەرفەتدا، ئاشنات دەکەن بە ڕێگاکانی دیکەی سکاڵاکردن.

چەند پێوەرێکی تایبەت هەن بۆ پەسەندکردنی سکاڵانامە. بۆ خوێندنەوەی ئەم پێوەرانە، سەردانی وێبسایتی دامەزراوەی ناوبراو بکە و بچۆرە سەر بەشی یاساکانی تایبەت بە چۆنیەتی تۆمارکردنی سکاڵا.

ئەگەر سکاڵاکەت پەسەند کرا، ئەوکات دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی ناوبراو. ئەگەر کارمەندانی یەکێک لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا پەیوەندییان بە کەیسەکەی تۆوە هەبوو، دەبێت سکاڵاکەت بۆ لایەنی پەیوەندیداری ئەو

وڵاتەش بنێردرێت. دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەش بەرپرس دەبن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ناردنەوەی ئەنجامەکەی بۆ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی Frontex، کە ئەویش لە ئەنجامی سکاڵاکەت ئاگادارت دەکاتەوە.

ئەو کاتەی پێویستە بۆ کارکردن لەسەر سکاڵاکان لە کەیسێکەوە بۆ دانەیەکی تر دەگۆڕێت. بەڵام دامەزراوەی ناوبراو بەرپرسە لە تاووتوێکردن و بەدواداچون کردن بۆ سکاڵاکەت بە شێوازێکی ڕێکوپێک و کاریگەر.

زانیارییە کەسەییەکانی وەک (ناوو، ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بە تۆوە ...) دەدرێن بە لایەنە پەیوەندیدارەکان، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی خۆت. ئەم زانیارییانەش تەنها بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکەت وەردەگیرێن و بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە بەکارنایەن.

تۆ لە هەمان کاتدا دەتوانیت سکاڵاکەت ببەیتە دامەزراوەکانی دیکە، وەکو دادگا نەتەوەییەکان، کە دەکرێت بۆ پاراستنی مافەکانت یارمەتیت بدەن.

FRONTEX

Plac Europejski 6
00-844 Warsaw, Poland
T +48 22 205 95 00
F +48 22 205 95 01

frontex@frontex.europa.eu
www.frontex.europa.eu

© European Border and Coast Guard Agency (Frontex), 2023

Publications Office
of the European Union

FPI 23.0269

PDF
TT-08-23-011-KU-N
ISBN 978-92-9467-865-2
doi:10.2819/8283